# وتوویژ لەگەڵ مامۆستای فەلسەفەی بەرەگەز ئەمریکی : ریچارد رۆرتی:

## یاخیبوونی دین لە جیهانی عەرەبیدا خەم ئاوەرە ئەمریکاش ناتوانێ لەم قۆناغەدا شتێکی بەکەڵک بۆ ئەم ناوچەیە ئەنجام بدات

**میشان قبلان**
**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە**
**سروود قادر**

پرۆفیسۆر ریچارد رۆرتی مانگی رابردوو بۆ ماوەی دە رۆژ سەردانی لوبنانی کرد کە چەند چاوپێکەوتنی فەلسەفی لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکایی لە بەیروت ئەنجامدا.

پرۆفیسۆر رۆرتی ساڵی ١٩٣١ لە دایکبووە، سەرەتا لە زانکۆی شیکاکۆدا فەلسەفەی خوێندووەو پاشان لە زانکۆی (بیل)دا پلەی دکتۆرای وەرگرتووە. ماوەی (٢٠) ساڵ لە زانکۆی برنستۆن و پاشان سێ ساڵ لە زانکۆی ڤێرجینا وانەی گوتۆتەوە. ئێستاش لە ستانفۆرد فەلسەفەو ئەدەبی بەراوردکاری دەڵێتەوە.

لە ئاخاوتندا دیالێکتی ئینگلیزی ئەمریکای باشوور بەکاردێنێ. کەسێکی رووخۆش و خاوەن کاریزمایەکی هەڵاوێردەیە. کە پرسیاری لێدەکرێت بەزمانێکی شیرین و دیبلۆماسی و لەسەر خۆ وەڵام دەداتەوە، کە بەجۆرێک گوێگر خۆی دێتە بەرچاو وەک ئەوەی وتوویژ لەگەڵ باڵیۆزی دەوڵەتێکی زلهێز بکات کە بە وشەی رەوان و پاراوو لە هەمان کات بژاردەکانی بەرامبەر دێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە پراگماتیزم پەسەندترین میتۆدی فەلسەفییە.

رۆرتی بەدەنگ بانگەشەی مەڵبەندی خوێندن و تۆژینەوەی ئەمریکایی تازە دامەزراوەی بەشی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی زانکۆ چوو، بۆ ئەوەی لە بارەی کاریگەری پەیوەندی ئایین بەزانستەوە محازەرە بڵێتەوە. ئێمەش نەختێ بەر لەوانە بێژبیەکەی ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵیدا سازدا.

*** تێڕوانینی تۆ لەسەر فەلسەفە چییە؟**

– لە روانگەی منەوە فەلسەفە لقێکە لە مێژووی هزرو، هەڵویستێکی دیاریکراوی هەیە لە مشتومڕو زانستێ رەها نییە. فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی تایبەتە سەبارەت بەبارودۆخە هەنوکەییە ناجێگیرەکان. بەڵام لە لیستی فەیلەسوفاندا ناوی ئەو کەسانە ریزدەکرێ کە میتۆدی متۆربەکراو بە پەرەسەندنە نوێ بۆ بیرکردنەوەو تیۆلۆژی گەڵاڵە کردووە لەسەردەمی گالیلۆو دووبارە بوونەوەی دۆزینەوەکانی ئەرستۆ لەسەدەی دوازدەیەم لە پاڵ تیۆری داروین و گۆڕانی مەزن لە کولتورو ئەدەب و زانستەکانی و گۆڕانی دیموکراسییەوە، ئێمە پێویستمان بەکەسانێک هەیە واژەنامەکان بەشێوەیەکی جیاواز لە هی بەر لە گۆڕان دابڕێژن بکەن.

*** چۆن دەستتکرد بەتۆژینەوەی فەلسەفە؟**

– لە تەمەنی هەرزەکاریدا بەرهەمی نیچەو ئەفلاتونم خوێندەوە، ویستم زیاتر لە بارەی ئەم دوو فەیلەسووفە بخوێنمەوە ئەوە بوو کە پەیوەندیم بەزانکۆوە کرد ئەو شوێنەی تایبەتبوو بەخوێندنی فەلسەفە زۆر سەرنج راکێش بوو کە هانیدام بۆ خوێندن لەم بەشەدا لەوێ (هایدگەر و دوی فیتگنشتان)م خوێندو، بووم بەپسپۆری مێژووی فەلسەفە.

*** ئایا پراگماتیزم میتۆدێکی دیکەی تیۆری رێژەیی (النسبیە) نییە؟.**

– گەر مەبەست لە رێژەیی ئەوە بێ کە هەر تێڕوانینێک وەک هەر تێڕوانینێکی دیکە دەکرێ قەبوڵ بکرێ ئەوە لە وەڵامدا دەڵێم نەخێر هیچ پراگماتیستێک مەبەستی ئەوە نییە. بەڵام گەر مەبەست ئەوە بێ کە هیچ میتۆدێکی ئایدیاڵ لە ئارادا نییە کە جیهانی پێ وەسف بکرێ ئەوە لەوەڵامدا دەڵێم بەڵێ: بەڵام گەر بڵێیت رێژەیی رێگە بەهەموو شتێک دەدات ئەوە ئەمە هەرگیز لە پراگماتیزمدا پەسەند ناکرێ. پراگماتیزم دەڵێ گەر جیاوازی لە ئەزموونداندا نەبێت ئەوە نکوڵیکردن لە هەبوونی جیاوازە لە واقیعدا هەر ئەمەش بووە پراگماتیستەکان لەسەرەتاوە بایەخیان پێداوە.

*** ئایا دەتوانی پەیوەندی نێوان پراگماتیزم و رەوتە فەلسەفییەکانی دیکەی وەک «لەبەر یەک هەڵوەشانباوەڕی» و فینۆمینۆلۆژی روون بکەیتەوە؟**

– بڕوام وانییە کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان فەلسەفەی پراگماتیزم لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوەش لە نێوان هەڵوەشانباوەڕی و فینۆمینۆلۆژی دا هەبێ. من وا دەڕوانمە (دریدا) کە یەکێکە لە گرنگترین شیکەرەوەکانی هایدگەر، هایدگەریش وادەبینم کە گرنگترین خوێنەری نیچەیە. ئەم سێ کەسە یەک بەباری خۆیان سێکوچکەیەکی رەسەنی

فـەلسـەفـە پێکدێن. بەبڕوای من هابرمـاس و دریدا گـرنگـترین فـەیلەسـوفی زیندوویی هاوچەرخن.

*** پراگماتیزم چۆن دەڕوانێتە ئاکار(اخلاق)؟**

– من وای بۆ دەچم کـە ئاکـار ئەو رێ و رەوشـانەن کـە ئەزمـوون و نەریتـە مـرۆیی و فـەرهەنگیـیـەکان پێبـەپێی کـات کـۆیان دەکـاتەوەو پوختـیـان دەکـا. لەلایەکەوە ئاکـاری (کـانت)ی هەیە کـە نکوڵی لەوە دەکـا کـە ئاکـار جـۆرە پەیوەندییـەک یاخـۆ سیـفـەتێکی ئەمپریستی هەیەو دەیخاتە چوارچێوەی نامێژوویی و گەردوونییەوەو دەیکات بەشتێکی نەگۆڕ تەنانەت لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەو فەرمانڕەوایی و بەسەرچوونی کاتیشدا. لەلایەکی دیکەشەوە ئاکاری دژە (کانت) هەیە کە کەسانی وەک (دیڤید) باوەڕی پێهێناوەو لەلایەن هیگڵ و هی دیکەوە بەدیدەکرێ ئەم ئاکارە مرۆ دایدەهێنێ و لەگەڵ بەسەرچوونی رۆژگارو لەژێر رۆشنایی دۆزینەوەکان بونیـاد دەنرێ و دەگـۆڕێ. ئاکـار سەرەنجامی تێگەو نەریت و ئەزموونە مـرۆیی و فـەرهەنگیـە پێشـووەکانەو دەگـۆڕێت و هەرکـاتێ پێویسـت بەوە بکـات دەبێتە بابەتی پێداچوونەوەو راستکردنەوە.

*** پەیوەندی لە نێوان دیموکراسی و پراگماتیزم چییە؟**

– دیڤید لە بارەی دیموکراسی خەمڵیوەوە دواوە کە بەدەوری پەیوەندی تاکی ئازاد لەنێو خـۆیان و لەگەڵ کـۆمـەڵگە لە فـۆرمی هەمـەکـیدا تەوەرە دەبەسـتێ. تاقـە دەسـەڵاتێک کـە لەکـۆمـەڵگەی ئاوادا جـێـیـدەبێـتـەوە کـۆڕای ئازادانەی هاووڵاتـیـانـی ئازادە. ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێ کـە هیچ شـتـێـک لە سـروشـتـی مـرۆیی و یەزدانی یاخـۆ لۆژیـک و لە خـودی هەقـیـقـەتدا نا دەتوانێ بەر لەم کۆڕایە ئازادانەدا بێت. یاخـۆ شوێنی بگرێتـەوە. هەروەها وای بۆ دەچێ کـە گـرفـتێکی راسـتەقـینە لە نێـوان ئەو ئایدیەی کـە واقـیع ئۆتۆرینەیەکی

دیاریکراوی بەسەر ئاوەزی مرۆدا هەیە لە لایەک لەلایەکی دیکەشەوە بیری پراگماتیزم و دیموکراسی دا هەیە. پراگماتیزم دەیەوێ ئەوە رابگەیەنێ کە باوی دەسەلاتی کەنیسەو کاهین و شایان نەماوە، تاقە دەسەلاتی راستەقینەو رێتێچوو دەسەلاتی کۆڕای ئازادانەی هاوولاتیانی ئازادە، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی بەدواداچوونی هزرو وەلامی پراگماتیستەکانە لەسەر سروشتی هەقیقەت و ناسین، هتد..

*** ئایا بڕوات وایە کە پراگماتیزم رەوتێکی فەلسەفی تەنیا ئەمریکاییە؟**

– لەمەدا بەتەواوی لەگەڵت نیم. بۆ نموونە ئەو توێژینەوە فەلسەفەییانەی فینگتنشتاین نووسیوونی بەگرنگترین ئەو بەشداریکردنە فەلسەفییانە دادەنرێن کە لە دوای سەرهەڵدانی پراگماتیزم ئەنجامدراون و بەهیچ جۆرێکیش پەیوەندی بەئەمریکاوە نییە.

*** مرۆ لەخوێندنەوەی دەقەکانتدا هەست بەوە دەکات کە ئامانجی پراگماتیزم وەدیهێنانی شتێک لە دادپەروەری کۆمەلایەتییە. ئایا راستە ئەمە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی؟**

– وابزانم وەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەلایەتی هەر لە شۆڕشی فەرەنساوە تائێستا ئامانجی سەرتاسەری رەوتە فەلسەفییەکانەو ئێمە ئەمەمان لەکەلەپووری پراگماتیزمەوە بۆ نەماوەتەوە.

*** پراگماتیزم بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر کاریگەری داروین و تیۆری سەرهەڵدان و پەرەسەندن دایە. ئایا دەکرێ بڵێین تیۆری رێژەیی ئەنیشتاین و تیۆرییە فیزیکیە نوێکان بەهیچ جۆرێک شوێن پەنجەیان بەسەر پراگماتیزمەوە نییە؟**

– بڕوا ناکەم فیزیای نوێ وەکو تیۆری داروین تێگەی ئێمەی سەبارت بەسروشتی مرۆو ماکی مرۆ گۆڕیبێ، لەبەر ئەم هۆیە دەتوانم ئەوە ببڕێنمەوە بەوەی کە فیزیای نوێ و

تیـۆرییـەکـانی ئەنیـشـتـاین بەهیچ جـۆرێـک کـاریگەریان دانەناوەتە سـەر فـەلسـەفـەی پراگماتیزم.

*** جێگەو رێگەی فـەلسـەفـەی پراگـمـاتیـزم لە سـەدەی داهاتوودا چۆن دەبینێ و چۆن باسی داهاتووی فەلسەفە بەگشتی دەکەیت؟**

– لام وایە فەلسەفە هەمیشە لە گرەوی هۆشی ئەو بلیمەت و هەڵاوێردەیە دایە کە لە قـۆناغی داهاتوودا دێت کە چەمک و دەستی و میـتـۆدی دایلۆگی نوێی ئەوتۆ گەڵاڵە دەکا کە بەرپەرچی فەلسەفەی پێشوو دەداتەوە یاخۆ تەواوی دەکا. کەوابێ ناکرێت پێشداوەری لە داهاتووی فـەلسـەفەدا بـکرێ، چونکە ئەوەمـان لە باردانییە کە پێشبینی سروشت و ناسنامەی فەیلەسوفی داهاتوو بکەین. فەلسەفە زانستێکی پۆزەتیڤی (وضعی) یاخۆ زانسـتێکی پەتی نییـە، کە بتـواندرێ ئەو رێڕەوە بەدی بکرێت کە دەشێ شـتەکان یاخۆ هزرەکان و ئەزموونەکانی بۆ بگەڕێندرێتەوە بەدەربڕینێکی دیکە لەم رووەوە وەکو ئەدەب وایە، چونکە چاوەڕوانی ئەو نووسەرە یاخـۆ هۆزانوانە بلیـمـەتە دەکـا کـە دێت و هەمـوو چەمکەکان دەگۆڕێ.

*** وا گومان دەبەم کە هابرماس و فەیلەسوفە ئەوروپییەکان بەگشتی زیاتر بایەخ بە سیاسەت و شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن؟**

– لام وایە کـە هابرمـاس کـردار باوەڕیـتـرین فـەیلەسـووفی ئەم سـەردەمـەیە، بەڵام ئەو تێزانەی پێشکەشیان دەکات بەباوەڕە فەلسەفییەکانییەوە پەیوەست نین. هابرماس وەک زۆر کـەسی دیکە کە هەمان بۆچوونە سیـاسیـیەکەی ئەویان هەیە بڕوای بەدیموکراتیـزمی لیبرالییە بەڵام دەشێ لەسەر مەسەلە فەلسەفییەکان لەگەڵی تەبا نەبن. کاتێ هابرماس قسـە دەکا وەکو هاووڵاتییـەکی ئەڵمانی و ئەورووپی قسـە دەکا نەک وەکو کەسێک کە

هەوڵبدات لەسەر هەقیقەت و ناسین و دادپەروەری و واقیع چەمک گەلێک بەدەستەوە بدات یاخۆ لێکیان بداتەوە. من خۆم لەسەر زۆر پرسی فەلسەفی لەگەڵ هابرماس تێک ناکەینەوە بەڵام لام وابێ هەر هەموو بۆچوونە سیاسییەکانمان وەکو یەکن.

*** ئێستا لە ئەمریکادا رۆشنبیران چ رۆڵێکیان هەیە؟.**

زانکۆکانی ئەمریکا چەقی قورسایی جەماوەری حیزبی دیموکراتە. دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم کە زۆربەی رۆشنبیران لەژێر پەرچەمی ئەم زانکۆیانەدا رێکخراون، زیاتر لە شەش سەد هەزار کەس لە هەزاران زانکۆدا کاردەکەن و بەرپرسی خوێندنی باڵان لە ئەمریکا، ئەمە هەموو پێکهێنەری باڵی چەپی حیزبی دیموکراتە. لەراستیدا ژمارەیەکی یەکجار کەم کە لەم دەرگایانەدا کاردەکەن پشتگیری سیاسەتی بۆش دەکەن کە زۆربەیان توێژێکی پارێزگاری بچوکن.

*** لە دوایین پەرتوکتدا رەخنەت لە چەپی ئەمریکی گرتووە هەروەک لە بزاوی چەپی ئەمریکایی داواکاریت کە زیاتر پابەند بێ؟ ئایا دەتوانی ئەمەمان بۆ روون بکەیتەوە؟**

– ئەو تیۆرییە شۆرشگێڕییەی لە شەستەکاندا دژی جەنگی ڤێتنام بەرپابوو جۆرە چەپێکی هزری ئەبستراکتی تیۆری لە نێو رۆشنبیرانی ئەمریکادا هێنایە کایەوە. کە وەک دەردەکەوێ «لەدەرەوەڕا» سەرنج دەدەن و رەخنە دەگرن ئەمەش جێگەی داخە هەستی دوژمنایەتی ئەمریکا کە لە خۆیەوە هەستێکی خراپ بوو، بەمجۆرە خۆت لەبەردەم توێژێک لە هاووڵاتیان دەبینییەوە– واتا رۆشنبیران – کە بەئاشکرا لەم بارەیەوە دەیانگوت کە وولاتەکەیان بەکەڵکی هیچ نایەت. ئەمەش لەخۆی دا زیانی بۆ هاووڵاتییەکانی دیکە هەبوو.

*** بۆ لەو وتووێژەکەتدا ناوی ئەورووپات زیاتر لەناوی وولاتە یەکگرتووەکان هێناوە؟**

- بەبڕوای من لە چلەکاندا ئەمریکا لە ئەوروپای ئەوسا لیبرالی تر بوو، بەڵام دوای شەستەکان ئەمە پێچەوانە بووەوە. هەڵواسین لە ئەوروپادا هەڵگیرا بەڵام هێشتا لە ئەمریکادا کارکردن بەمە پەسەندایەتی لە دەست نەداوە. ئەمە هەمووی وای لە ئەوروپا کردووە لەڕووی ئاکارەوە ئێستا لە ئەمریکا سەرکەوتووتربێ.

*** بەرهەمی کام نووسەر یاخۆ کام فەیلەسوف بەزۆری دەخوێنیتەوە تێڕوانینت لەبارەی هونەر بەگشتی چییە؟**

- بەرهەمەکانی هارۆل بلۆم دەخوێنمەوە، لە دیدگای مندا باشترین رەخنەگری ئەدەبییە. هەروەها چێژ لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ج.م کوتیزی وەردەگرم کە لەم نزیکانە خەلاتی نۆبلی پێبەخشرا، من تەنیا رۆمان بەبەردەوامی دەخوێنمەوە، لە راستیدا جێکەوتەیەک یاخود بۆچوونێکی تایبەتم لەسەر هونەرەکانی شێوەکاری و مۆسیقا نییە، بەڵام ئەو فەیلەسووفەی هەمیشە بەرهەمەکانی دەخوێنمەوە کە هەرچەندە هێشتا پرۆژە فەلسەفییەکەی بەئەنجام نەگەیاندووە، (رۆبەرت براندۆم)ە.